لەرۆژنامەی ئالای ئازادی رۆژی 2تەموزی 2007 لەلاپەرە 15دا بلاوكراوەتەوە

# "ئاریا" ئاوێنەیەك بۆ "ئازادی"

ئاسۆ كمال



قەدەغەكردنی ملیۆنەها بینەر لە درامای "ئاریا" ئاوێنەیەكە بۆ بینینی ئەو ئازادیەی دەسەڵاتی حكومەتی و دینی لە كوردستان باسی دەكەن. چەند مەلایەك دەتوانن یاسا وڕێسای ئازادی ڕادەربڕین و بگرە ئازادی بینین لە ملیۆنەها ئینسان زەوت بكەن. ستراتیژی بەرنامەی "كوردسات"ی دەسەڵات بۆ ئازادی بینەرانی هێندە بەرتەسكە كە هەموو ساتێك لەبەردەم ئەگەری داخستنی دەرگای بینینی هونەرێكی رەخنەگردایە. درامایەك كە تەنها تەعبیرێك لە حەقیقەتی ئیسلامیەكان و ڕایەڵ و پۆكانی مانەوەیان لە كوردستان دەكات جێگای نابێتەوە بەڵام حەقیقەتی فەتوای دژی ئازادی ڕادەربڕین بەیەك پلیكانە دەگاتە دەسەڵات.

داخستنی ئەم درامایە ئاوێنەیەكە كە تیایدا وێنەی ڕاستەقینەی ئازادی و نەیارانی دەبینی. لەپشتی پەردەی ئەم داخستنەوە پەیوەندی نێوان مەلا و بزوتنەوە ئیسلامیەكان دەبینین. سوود وەرگرتنی یەكگرتووی ئیسلامی و هاوەڵەكانی لەم هێرشە بۆ سەر درامای ئاریا بۆلابردنی فشاری دەركەوتنی هاوپەیمانیتی قاهیرەیان لەگەڵ بەعسی و سونە ئیسلامیەكان شێوازێك بوو بۆ لابردنی ڕای گشتی لەسەر ئیسلامیەكان. هەڵگری ئەم پەیامە توێژی مەلاكان بوو تاكو دژایەتی ئەو ئازادی ڕەخنەگرتنە بكەن كە جێگا و دەوری ئەوان لە كۆمەڵگادا دێنێتە ژێرپرسیار و لەم پەیوەندیەیان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی دەپێچێتەوە. سەركەوتنی ئەم فشارەیان بۆ داخستنی درامای رەخنەگری ئاریا نیشانی دەدا كە پشتیوانەی سیاسی دەتوانێ ئەم توێژە بگەیەنیتە ئاستی دەسەلات. هەرچۆن لە ئێران حكومەتی ئیسلامی حكومەتی مەلاكان بوو. پیویستە ئەم پەیوەندیە ئاشكرا بكرێت و گەشەی ئیسلامی سیاسی لە كوردستاندا و دژایەتیكردنی ئازادی و عەلمانیەت زۆركات لە مینبەری نوێژ و عیبادەتەوە كراوە. لەكاتێكدا خەڵكی موسڵمان بۆ پەیرەوكردنی عیبادەتی شەخسی دەچنە مزگەوتەكان بەڵام ئەم توێژە لەنێوان عیبادەتی شەخسی و كاری سیاسیدا دووەمیان بە وەسیلەی ئیمتیازی زیاتر بەدەست هێنان دەزانن. هەربۆیە ئەگەر ئاریا رەخنەیەك لە دەوری مەلا وپەیوەندی ئەوان بەبزوتنەوە ئیسلامیەكانەوە بێت و ئەمە وەك حەقیقەتێك لە درامایەكدا بخاتە بەرچاو و ئاشكرای بكا ،ئەوا داخستن وسەركوتی ئەم حەقیقەتە دەبێتە خاڵی هاوبەشی ئەم توێژە و ئیسلامی سیاسی . لەم هێرشەدا بۆسەر ئازادی درامای ئاریا هێزی سەرەكی كە ئیسلامی سیاسیە و مەلاكان وەسیلەی ئیسلامی سیاسین بۆ ئەم كارە. هەركامیان ئامانج و دەوریان دیاریكراویان هەیە. مەلاكان پاریزگاری لە دەور وئیمتیازاتی سەرووخەڵكی خۆیان دەكەن و خوتبەی رۆژانی هەینی و هەڵخراندنی ئیحساساتی ئیسلامی خەڵك دەكەنە وەسیلەی فشار بۆسەر دەسەڵات و دژ بەهەر ڕەخنەیەك كە لێیان بگیرێ بەكاری دێنن وەك تا ئێستا لە داخستنی درامای ئاریادا سەركەوتووبون. هەربۆیە داخستنی ئاریا بەرتەسك كردنەوەی سنوری ڕەخنەگرتنە لە مەلاكان و باڵادەست كردنی ئەم توێژەیە لە سەركوتی ئازادی كۆمەڵگەدا. ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەفشاری مەلاكان بۆ داخستنی درامای ئاریا خۆی بەرگریە لەوەی كە مینبەری مزگەوتەكان لەدەست مەرامی سیاسی ئەم توێژە و ئیسلامی سیاسی بسەندرێتەوە و دین بكرێتە كاری شەخسی و ڕێگا نەدرێت دەسەلات بدرێتە پیاوانی دینی و لە كوردستان دین لەدەسەلات جیابكرێتەوە.

داخستنی درامای ئاریا لە خزمەت ئامانجێكی بەرفراوانتری ئیسلامی سیاسیدایە لە كوردستان و نەهێشتنی ئازادی رەخنەگرتن لە بەرنامە و شەریعەتی ئیسلامیەكان و بەم پێیە زەمینەخۆشكردنە بۆ باڵادەست كردنیان.

كێشەی درامای ئاریا شەڕێكە لەسەر ئازادی لە كوردستان و تەقدیس نەهێشتنەوەی هەر شتێكە كە لەسەرووی خەڵك و ئازادی ئەوانەوە بێت. چاوبەستنی چەند ملیۆن ئینسان لە بینینی نمایشێك كە رەخنە دەگرێ لەدەوری ئیسلامیەكان و مەلاكان لەگەشەكردنی تیرۆریزمی ئیسلامی لەنەوەدەكانەوە لە كوردستان ، تەنها لە چوارچێوەی ئازادی بیروڕاشدا قەتیس نابێت بەڵكو قەدەغەكردنی پەردە هەڵماڵینە لەسەر ئەو ڕێگا و وەسیلانەی كە ئیسلامی سیاسی لەكوردستاندا پێبەهێز بوە و ڕیگرتنە لەدروست بوونی فشارێكی جەماوەری لەسەر ئیسلامیەكان كە زانینی حەقیقەتەكانی پشتی پەردە دروستی دەكات. مافی خەڵكی كوردستانە كە ئازادی زانینی حەقیقەتی دەوری ئیسلامیەكانی، وەك هێزێكی سیاسی، هەبێت و نابێت ساتوسەودای دەسەڵات لەسەر مافی گەڕان بەدوای حەقیقەت لای جەماوەر ڕێگای

پێبدرێت. ئازادی ئەم درامایە ئاوێنەیەکە بۆ زانینی ئەو ئازادیەی دەڵێن لە کوردستان هەیە.